ئێوارەی ڕۆژی 25-11-2004 ڕۆژی جیهانی دژ بە زەبرو زەنگ لە دژی ژنان , لە سەر ئاستی ئەڵمانیا ئاکسیۆنێک بەڕێدەکرێ , لە ژێر ناوی ( ڕۆشناییەک بۆ هەر ژنێک).
ئێمە وەک "دەنگەکان" پێمان باش بوو لە وبارەیەوە , کە کێشەی ژنانە چەند پرسیارێک ئاراستەی چەند نوسەرێکی ژن و بەرگری کەرانی مافی ژنان بکەین .

## 1- ئایا دەسەڵاتی دیموکراتی دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی چەوسانەوەی ژنان بهێنێ؟

بەباوەڕی من پرۆسەی دیموکراتی بەشێک لە کێشەی چەوسانەوەی ژنان چارەسەر دەکات ، نەک کۆتایی پێبهێنێت ، چونکە زۆر کێشەی ژن تەنها لەگەڵ پیاوێکدا نیە لە ژیانی ژندا لە نزیکەوە بیچەوسێنێتەوە وەک مێرد یان باوک یان برا بۆ نمونە ، بەڵکە کێشەکە لەگەڵ سەرتاپای کۆمەڵگادا هەیە ، لەگەڵ دامو دەزگاکانی کۆمەڵگا و سیستمە کۆمەڵایەتیەکەدایە ، جگە لە سیستمە ئاینیەکە کە باوەشی کردوە بە عەقڵیەتە کۆمەڵایەتیەکەدا ، لەدەرەوەی ئەمانەش شتێک هەیە پێی دەوترێت یاسا ، کە تەنها هەبوونی دیموکراسیەت ڕێگە خۆش دەکات یاسا ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤدا ، کە دیموکراسیەت هەبوو ، یاسا ڕۆڵ دەبینێت و تەنانەت دەستکاریشی دەکرێت بەپێی ڕۆحی سەردەم و پێشکەوتنەکانی سەردەم ، هەروەک بەم دواییە چەندین لە یاساکانی ئەحوالی مەدەنی دەستکاری کران بە سوودی ژن ، ئەمە لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا ئەم جۆرە هەنگاوانە دنرێت ، دەنا لە کاتی دەسەڵاتی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی سەددامدا بۆ نەدەتوانرا دەستکاری هیچ بەندێکی هیچ یاسایەک بکرێت..
دیموکراسیەت لایەکی هاوکێشەکەیە ، لاکەی تری هاوکێشەکە بریتیە لە عەقڵیەتەکان کە ئەو دیموکراسیەتە پراکتیزە دەکەن ، یان ئایا باوەڕیان بەو دیموکراسیەتە هەیە ، یان ئایا ئامادەگیان هەیە یدموکراتی بن ، زۆر کەس هەن ئەتوانن دروشمەکانی دیموکراتیەت بڵێنەوە ، بەڵام توانای ئەوەیان نیە پراکتیزەی بکە ، من باوەڕ دەکەم لەهەموو جێگایاکی دونیا دیموکراتی هەیە ، بەڵام لای هەموو کەسەکان بەیەک ئاست ویست و ئارەزوو نیە بۆ پراکتیزە کردنی ئەو دیموکراتیەتە ، لای زۆر کەسیش بوێری نیە ، لا زۆر کەس قەناعەت نیە بە گرنگی پراکتیزە کردنی ، ئەمە وەکوو هەبوونی پارە و کۆکردنەوەی و خەرج نەکردنی بە شتی سوودمەند وایە ، هەر ئەوە بەس نیە ئێمە دروشمەکان بنووسینەوە و کەڵەکەیان بکەین و لە توێی کتێبەکاندا لەکتێبخانەکاندا

هەڵیانگرین ، پێویستە بەکاریان بێنین ، ئیدی پڕوسەی یدموکراتی پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیە ، کە نەک تەنها پیاو بەڵکە ژن خۆشی دەبێت باوەڕی تەواوی پێی هەبێت و توانا و بوێری هەبێت تەواوی وردیکاریەکانی پراکتیزە بکات ، دیموکراسیەت کێشەی سەرتاپای دەسەڵاتە ، ئەگەر دەسەڵات دیموکراتی نەبێت تاکەکانیش لەناو خۆیاندا دیموکراتی نابن وباوەڕیان بە دیموکراتی نابێت بۆ گۆڕینی ژیانیان.

## 2- چ ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعی هەیە بۆ گەیشتن بە رزگاری ژنان؟

لەو بارەیەوە دەتوانم بڵێم ، و هەمیشەش وتووشمە ، ژن دەبێت یەکەم هەنگاو بنێت بەرەو مافەکانی ، دەنا نەک پیاو ، کۆمەڵگاش ئامادەگی ئەوەیان تیا نیە ، و هەرگیزاو هەرگیز ماف نادەنە دەست ژن ، کۆمەڵگای ئێمە بەداخەوە هەتا ئیستا مۆرکی پیاوسالاری تیا زاڵە ، ئیدی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری مەحکووم بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی سەقەت هەرگیز ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکرێ وابە ئاسانی و لە خۆڕا ماف بداتە دەست ژن . چارەسەری واقیعی ئەوەیە ژن خۆی مقەست بگرێتە دەست و برینەکە هەڵداتەوە ، خۆی شۆڕشەکە هەڵگیرسێنێت ، شۆڕش کردن ئەوە نیە پچێتە سەرجادە و هاوار بکات ، بەڵکە هەمو ژنێک لەماڵەکەی خۆیەوە دەبێت دەست پێبکات ، بەتایبەت بە نیسبەت ژنی کوردەوە کە لەبەردەم هەلێکی گەورەدایە لە پیادە کردنی دیموکراسیەت لەناو کوردستاندا ، دەبێت بە هیچ مساوەمەیەکی تر قایل نەبێت ، دەبێت بە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر بۆ ماف قایل نەبێت ، مەسەلەی ژن وەکوو مەسەلەی کورد وایە ، هەر بە درێژایی مێژوو دانووستان بەردەوامە ، بەڵام ئەو کاتەی کورد خۆی شۆڕشی کرد و خۆی رژێمی بەعسی دەرکرد ، و خۆشی بە ئەلتەرناتیڤی حکومەتی کوردی سەربەخۆ قایل بوو ، بەڵام ژن دەبێت لەوە واقیعیانەتر بیر بکاتەوە و بەشی خۆی لە بڕیارەکان بگرێتە دەست و خۆی سەرکردایەتی کودەتاکە بکات و نەیداتە دەست تەنانەت ئەو پیاوانەشی باوەڕیان بە مافەکانی ژن هەیە ، چونکە هەروەک چۆن ئەو مافەی کورد خۆید نەیسەنێت دوژمنانی پێی رەوانابینن یان ئەگەر پشت گوێی نەخات پێشێل ناکرێت ، ژنیش بەهەمان شێوە ئەو مافەی خۆی نەیسەنێت پیاو چەند باوەڕیشی بە رەوایی مەسەلەکەی بێت نایداتێ ، ئەوەتا زۆربەی زۆری عەرەب دەڵێن کورد مافی چارەی خۆنووسینی هەیە ، بەڵام کە باس یەتە سەر کردار ، هەموو دەڵێن فیدرالی ناڵێن حکومەتی کوردی ، ئیدی ژن لە سایەی سیستمێکی سیاسی وا نالەباردا کۆشش و خەبات دەکات بۆ سەندنی مافەکانی لە دەسەڵاتێکی سیاسی کە تا ئیستا مافە سیاسی و جوگرافیەکانی میللەتەکەی ون کردووە ، کەواتە ئەرکی ژنی کورد لە هەموو ژنی دونیا

گەورەترە لەو بوارەدا و هەروا ئاسان نیە کە بیری لێدەکرێتەوە ، بۆیە چارەسەری واقیعی بۆ قۆناغی ئیستا خەبات و شەڕی دیموکراسیە ، ئەو دەبێت بە عەقلیەتێکی دیموکراسیخوازەوە شەڕەکە هەڵگیرسێنێت بۆ ئەوەی مافەکان یە دیموکراسی دەستەبەر بکات..

## 3- کێشەی چەوسانەوەی ژنان ناوچەییە یان جیهانی، یان کەلتور و ئاین لە ئاستیدا بەرپرسیارە،یا هەموویان؟

کێشەی چەوسانەوەی ژنان بە گشتی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی جیهانیە ، پەیوەندی نیە بە کولتوور و رەگەز و رەنگ و...هتد ، پەیوەندی نیە بە پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاکانەوە ، ئەگەرچی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاکان رۆڵ دەبینن لە ئاسان کردنی بیر کردنەوە لە چارەسەرەکان ، بەڵام چارەسەرەکان ئاسان ناکەن..

خۆ دەشوترێت چەوسانەوەی ژنان لە ئەفغانستان بۆنمونە بەرفراوانترە وەک لە وڵاتێکی وەکوو هۆڵەندا یان هەر وڵاتێکی ئەوروپی ، بەڵام خۆ لە هۆڵەنداش سووکایەتی بە ژن دەکرێت بەڵام زۆر بە دیموکراسیانە و بە شێوەیەکی زۆر شارستانیانە ، مەیدان هەیە هەتا ئێستا ژن تیا لە دواوە دادەنرێت ، کەواتە شێوە و ئامرازی چەوسانەوەکان شتێکی رێژەییە ، دەنا چەوسانەوە هەر چەوسانەوەیە ، خۆچەوسانەوە تەنها لێدانی ژن نیە ، چەوسانەوە تەنها ژن بێبەش کردن نیە لە مافی خوێندن بۆ نمونە ، هەتا کۆمەڵگاکان دواکەوتووبن ئامراز و شێوەی چەوسانەوەکان دواکەوتوو دەبن ، هەتا کۆمەڵگاکانیش پێشکەوتوو بن ، ئامراز و شێوەی چەوسانەوەی ژنان پێشکەوتوو دەبن ، بۆیە لە وڵاتە دواکەوتووە پیاوسالارەکاندا ناتوانن بەباشی ئەولایەنە لە ژیانی ژنی ئەوروپی بخوێننەوە .

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ژنان بە ئازادی خۆیان خۆیان دەچەوسێننەووە و خۆیان دووچاری چەوسانەوە دەکەنەوە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکانیاندا کە ئادەمیزاد تیایدا بۆتە ئامێر ، لە کۆمەڵگایانەدا بەناوی ئەوەی هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ژن و پیاودا ، ژن دەبینیت کاری پیاو دەکات ، کە کاریگەری هەیە بۆ سەر تەندروستی ، بۆ نمونە وەک کرێکارێک کارە قورسەکانی پێدەکەن و لە کۆتایی مانگدا مووچەیەکی کەم وەردەگرێت ، ئەوەش جۆرێکە لە چەوسانەوە ، لەو کۆمەڵگایانەدا لەش فرۆشی بۆتە جۆرێک لە ئامرازەکانی سووکایەتی کردن بە ژن و دەوڵەت لێی بێدەنگ دەبێت و بگرە یاریدە کۆمەڵگای داوە بۆ ئەو چەوسانەوە و سووکایەتی کردنە بە ژن ، بەوەی کەوا مۆڵەتی یاسایی دەدات بەو جۆرە شوێنانە ئەو جۆرە کارانە دەکەن ، لەوڵاتە هەرە

پێشکەوتووەکانی دونیادا تۆڕە گەورەکانی بازرگانی کردن هەیە بە ژنەوە ، کە ئەمە تەنها لە سەردەمی جاهیلیەتدا هەبوو ، یان تۆڕەکانی رفاندنی کچی منداڵ و گەورەکردنیان لە بارەگاکانی لەشفرۆشیدا ، یان راهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان بۆ ئەوەی تاوانەگەرەکانیان پێئەجام بدەن ، ئەمانە هەمووی جۆرەکانی چەوساندنەوەیە لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە وادەزانین ژن هەموو مافەکانی خۆی دەست کەوتووە..

ئینجا لێرەدا ئەتوانین باس لە کولتوور ئاین بکەین ئایا لە ئاستی ئەو کێشانەدا بەر پرسیارە یان نا؟ ئەگەر تەنها باس لە کۆمەڵگای کوردەواری یان کۆمەڵگایەکی ناوچەی رۆژهەڵات بکەین ، دەبێت بڵێین ئەو کاتەی لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاری و مەحکووم بە داب و نەریتی باو ، ئەو کاتەی ئاین لەو کۆمەڵگایەدا بخزێتە ناو هاوکێشە سیاسیەکانەوە هەروەک ئێستا لە عیراق روودەدات بەبەر چاومانەوە ، کە کوردستان بەداخەوە بووە بەبەشێک لەو ، ئەوا بێگومان ئاستی هوشیاری بەرەو دواوە دەڕوات بەهەر بەهانەیەک بێت ، ئایا لە ترسی تیرۆر یان توند وتیژی کە ئیستا ئیسلامی سیاسی پیادەی دەکات بۆ بیناکردنی کۆمەڵگایەکی شەکەت و ترسنۆک کە هەمیشە لە ئاین زیاتر هیچ پشت و پەنایەکی تر شک نەبات ، یان لە بێ حیلەییدا ئەو کاتەی مرۆڤ رەشبین دەبێت لەهەموو ئەوەی لەچوار دەوەری روو دەدات ، ئیدی هەڵبەتە کولتوور شتێکە لەگەڵ کاتدا پێشدەکەوێت ، بەڵام ئاین شتێک نیە بتوانم بڵێم پێش دەکەوێت ، ئەوەتا ئیستاش مرۆڤ بە شمشێر سەر دەبڕدرێت ، من بۆ خۆم ئۆباڵی ئەوەی لە عیراقدا روو دەدات و ئاسەزوارەکانی بۆ سەر عوقڵیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی تاکەکان بۆ دیموکراتی و دواتر تێگەیشتنیان بۆ مافەکانی لە سەدەی بیستویەکەمدا دەخەمە ئەستۆی ئیسلامی سیاسی ، بۆ ئەمرۆ هەمووی ئاین لێی بەرپرسە ئیجا کۆمەڵگا و داب و نەریت و کولتوور..

ڤینۆس فایق

2004-11-25